د. کاوس قەفتان



# سۆل

لەماڵەوە هاتە دەرێ. دەرگاکەی زۆر بە هێواشی داخست. وەک لەوە بترسێ زرمەی دەرگا داخستنی قایم سەری یەکێک بیەشێنی. دەرگاکەی باش تاقی کردەوە. کە لەوە دڵنیا بوو باش داخراوە، بەسەر هەموو پەنجەرەکاندا گەڕا، یەکە یەکە تاقیی کردنەوە. ئەوسا بەرەو ئۆتۆموبیلەکەی رۆشت. زۆر شت دەیان ترساند و تووشی دڵەلەرزێیان دەکرد. بەس ئەو کاتە بەزۆری لەوە دەترسا، ئۆتۆموبیلە شڕەکەی تەشقەڵەیەکی پێ بکات. بەپاڵ پێوەنان راهاتبوو، بەوە نەبووایە نەدەکەوتە ئیش. مایەی ئازارو شەرمەزاری هەمیشەیی بوو. هەر ئەوەندەی دووربکەوتایە کوڕگەل و منداڵانی گەڕەک خۆیان بۆ پاڵ پێوەنان

ئامادە دەکرد. لەگەڵ پاڵ پێوەنانیشدا قەسەی خۆیان دەکردو نوکتەیان دەهاویشت.
– لێیان ناگرم. کەم کەس ماوە، یان هیچ نەبێ کەس نەماوە لەم گەڕەکەدا بێزی بێت سواری ئۆتۆمۆبیلێکی وەها بێت.
ئەمەی بە داخ و زووخاوێکی تاڵەوە گوت و لەسەری ڕۆشت:
– بەس ئەمڕۆ دەیبەم و دەیفرۆشمەوە. دەست دەکەم بە گیرفانی دۆست و دوژمندا و ئۆتۆموبیلێکی لەمە باشتر دەکڕم.
شەقامەکەش وەکو جاران جمەی دەهات، گیڤەی ئۆتۆموبیلی خێراو زرمەی هۆرنی بەرز گەڵای درەختە زەبەلاحەکانیان دەهێنانە لەرزین.
ئۆتۆموبیلەکە خێرا کەوتە ئیش، لە خۆشییا ئەوە نەبوو شامەرگ نەبێ حەزی کرد دابەزێت و تێروپڕ ماچی بکات.
– جاری وا هەیە ئاسنی بێ گیان لە مرۆڤی گیاندار بە بەزەیی پیاوترە!
ئەمەی بە ورتەوە گوت، وەک لەوە بترسێ بەر گوێی یەکێک بکەوێت.
– خەریکم دەبم بە فەیلەسووف.
ئەمەی بەشەرمەوە گوت و یەک دوو ئاوڕی دایەوە و زەردەخەنەیەک لێوە باریکەکانی کشان. زیاتر لەوە دەچوو بەخۆی پێ بکەنێ. ئەو کاتە ڕۆژ لە ئاوابووندا بوو، تیشکە لاوازەکەی لەسەر سنگی گیرسابووەوە.
ئەو ساتە، لە ناکاو بۆ یەکەم جار لە ژیانیدا هەستی کرد خەریکە لە ترس ڕزگاری دەبێت بۆ ماوەیەکی کورت وایزانی گیان و لەش باری قورسیان لەسەر نەماوە خەریکە دەبێتەوە پووشکێک فووی لێ بکەیت بەئاسماندا دەفڕێت.
– بۆ نا! بۆچی خەم بخۆم؟ بۆچی بترسم! پارچە زەوییەکم نییە بەتەمابم خانووی لەسەر دروست بکەم. پارەم لە بانکدا نەخەوتووە بیست و پێنج ساڵە دۆستی گیانی بەگیانی خامەم.
بیست و پێنج ساڵە، هەموو ساڵێک دوانزە جار دەست بۆ مووچە، لە مووچە نەچووەکەم پان دەکەمەوە. هەموو ڕۆژێ وا دەزانم سبەینێ باشتر دەبێت، هەموو مانگێک وا دەزانم مانگی داهاتوو فنەیەکی تێدایە هەموو ساڵێک چاوەڕوانی ئەوەم لە پار باشتر بێت. بەس...! لەم کاتەدا یەک دانە هۆڕنی بەرز بەجۆرێک دایچڵەکان ئەوە نەبوو سەری پێ نەدا بەبنمیچی ئۆتۆموبیلەکەدا.
ئۆتۆموبیلێکی شۆخ وەک تیشکەی تفەنگ بەلایدا تێ پەڕی لاوێکی هەرزەکار بەنازەوە لەسەر سووکانەکەی دانیشتبوو. ئاوڕێکی خێرای لێی دایەوە، دەستێکی و لێوەکانی

دەجوولان، چاوەکانیشی بە توورەییەوە زەق کردبووەوە. دیاربوو جنێوی دەدا.

رقێکی کتوپڕی دایگرت. رووی سوور هەڵگەرا. شانازێتی بە پێنووس و نووسین دەروونی داگرت.

– راستە ئۆتۆموبیلەکەی من پەککەوتەیە و لە چل تێ ناپەڕێ، بەس بۆ جنێو دەدەیت؟ ئەگەر وابێ بەڕیشی باوکت، دەی بەڕیشی خۆت و باوکت.

هەستی کرد کەمێک دامرکایەوە. بەس رۆژەکەی زۆر گەرم بوو، گەرماوێک بوو بۆ خۆی. ئاو بەڕوویدا دەهاتە خوارێ و چاوێلکەکەی تەڕ دەکرد. بە دەستێک لێی دەخوڕی و بە دەستەکەی تریش خەریکی سڕینی چاوێلکەکەی بوو.

– هەر ئەوەم ماوە وەک جامی ئۆتۆموبیل دوو فلچە بۆ ئەم چاویلکەیەم دابنێم.

تووکی سەری یەک پارچە بوو بوون بەئاو. هەوڵی دا بەدەسەسڕەکەی وشکی بکاتەوە بەڵام سوودی نەبوو.

– بۆ گەرمای وەها دەبێ پیاو سەری سفر بتاشێ!

ئەمەی بە توورەییەوە گوت و چاویشی لێ بوو چۆن ئۆتۆموبیلەکانی تر پەنجەرەکانیان قەپات کردبوو.

ئا لەم کاتەدا مامۆستا شێروان، لە ناکاو هەستی کرد وێنەی سەعە کەچەڵ لە قووڵترین شوێنی یادیدا دێتە دەرێ و لەبەردەمیدا قوت دەبێتەوە.

دەمێک بوو یەکترییان نەدیبوو. قوتابخانەی سەرەتایی تەواو نەکرد، کەچەڵێکی بێ هاوتا بوو. ئەگەر بەتاقی تەنیا ناوی لە لیستەی کەچەڵاندا بنووسرابایە، بەس بوو باران بارین ببڕێت ئاسمان بکاتە سایەقەی ساماڵ. ئای....، ئێستەش لە بیریەتی، بە هاران، هەرچەندە ئارەزووی سەیرانێکیان هەستایە، بۆ ئەوەی باران سەیرانەکەیان لێ تێک نەدات ناوی کەچەڵەکانیان لە لیستەیەکدا دەنووسی و لە حەوشەکە لیستەکەیان فڕێ دەدا. ناوی سەعە کەچەڵ لە سەروو هەموو کەچەڵەکانەوە دەنووسرا، قورئان بەهەقە هەموو جار بە دڵی خۆیان سەیرانیان دەکرد.

ئۆتۆموبیلەکە تەکانێکی دا. سەعە و باران و سەیرانی لە بیر بردەوە. «نا.. مەکە.. دەستم دامێنت مەکە و پەنگم پێ مەدە.».

ئۆتۆموبیلەکە وەکو بەزەیی پیادا هاتبێتەوە، پاش یەک دوو نزگەرە کەوتەوە باری خۆی.

ئاهێکی پیادا هاتەوە و چووەوە سەر سەعە کەچەڵ:

– ئا.. بەڵی.. دوێنێ، سەعە کەچەڵی دی. سەعە کەچەڵ نەبوو بەڵکو،

کاک سەعیدێک بوو کەری نێرینەی دەکێشا. لە مەخزەنێک چاوی پێی کەوت. بەشەڕەشەق ناسییەوە شوێنەواری سەرە کەچەڵەکەی نەمابوو. سەر و قژەکەی لە هی لاوێکی چواردە ساڵی چڕتر بوو. تەنیا لاجانەکانی ماش و برنج بوون، ئەویش چونکە مۆدەکەی وەهابوو. کراسە نایابەکەی تا نزیک ناوکی داچەقاندبوو، ملوانکەیەکی زێڕی پێدا هاتبووە خوارێ، ختووکەی ناوکیان دەدا، پەنجەکانی بە دوو موستیلە رازاندبووەوە گەوهەرەکانی ئەوەندە گەورە بوون لە ناوچەوانی گامێشت بدایە وڕی دەکرد. هەروەکو دوێنێ لە یەک دابڕابن، گورج ناسییەوە و بە جۆرێک دەستی کردە ملی لەوە دەچوو ئەگەر برای راستەقینە نەبن ئەوە برای شیرەخۆرەن و کەوتە ماچکردن و لستنەوەی لەگەڵیشیدا دەیگوت:

– ئێ.. کاکی نووسەر، ئاگام لێتە.. نووسینەکانت دەخوێنمەوە، ئامادەم هەموو نووسینێکت لەسەر حیسابی خۆم بڵاو بکەمەوە. دەی پێم بڵێ ئەوە چی دەکەیت لێرە؟

پرسیاریکە رشانەوە دەهێنێ! درۆ دەکات.. ئەگەر وەها نەبووایە دەوڵەمەند نەدەبوو.

ئەمەی بەسەردا هات و هاتە سەر زمانی و ویستی بیدرکێنێ، بەس بۆ یەکەم جار لە رادەربڕینی خۆیدا دانی بە خۆیدا گرت.

– چی دەکەم؟ جا ئەمە توو سەری خۆت پرسیاری دەوێت؟ بە ئەنقەست ناوی سەری هێنا. بەس سوور هەڵنەگەڕا، تێک نەچوو، کەواتە لە جامبازیدا پلەیەکی بەرزی بڕیوە!

ئەمەی بەسەردا هات و لەسەری رۆشت:

– هاتووم بزانم گۆشتی میری هەیە؟

– گۆشتی میری؟ نەکەی.. باوکم مەکە ئەو گۆشتە هی خواردن نییە! بە سەری تۆ دڵم نایە بە پشیلە و سەگیشی بدەم. کێ دەڵێ گۆشتی کەر نییە. لە جیاتی ئەم گۆشتە بڕۆ وەکو من لاشەیەکی تەواو بکڕە و ئیتر سەری خۆت مەیەشێنە.

ئەمەی گوت و بە نازێکی ژنانەوە دەستێکی بە سەریدا هێنا. خێراش قۆڵی کرد بە قۆڵیدا و لەگەڵ خۆیدا بردییە دەرەوە:

– دەی فەرموو بۆ کوێ دەڵێی بتگەیەنم!

– سوپاس، کاکە سوپاس، ئەو بارگیرە سەقەتەم هەیە، بەسە کارم بۆ دەباتە سەر.

سەعە بە جۆرێک روانییە بارگیرە سەقەتەکەی، وەیزانی زۆر نابات دەکەوێتە رشانەوە.

– وەرە، دەی وەرە و ئیرکۆندیشنی ئەم تایۆتایەم تاقی بکەرەوە، نەکەرۆزێکە بۆ خۆی! چواردە هەزارم بۆ رۆژێکی وەها گەرم پێ داوە. کە دیی لە جێی خۆی نەبزوا و دەمی

نەکردەوە لەسەری رۆشت و هەتا دەهات زیاتریش قۆڵی دەگوشی.

– مارسیدسێکی دوو سەد و هەشتام هەیە، بەس ئێرکۆندشنەکەی زۆر سارد نییە، دەرەقەتی ئەم گەرمایە نایەت. بۆیە ئەمەم کڕی.

– مارسیدسەکەت بە چەند فرۆشتەوە؟

ئەم پرسیارەی کرد هەر لەبەرئەوەی دەبوو شتێک بڵێ:

– بیفرۆشمەوە؟

قا.. قا.. های.. قا.. قا!

هەستی کرد زەرینی کەر زۆر لەو قاقایە بە ئاوازترە!

– ها.. ها.. بیفرۆشمەوە؟ بۆچی بیفرۆشمەوە؟ لە ماڵەوە دام ناوە!

– دەی برا پیرۆزت بێت.. هیوام قەت ئارەق لە سەرتەوە نەیەت و بە رووتدا نەیەتە خوارێ!

ئەمجارە سەعە کەچەڵ بە واقی وڕماوەوە لە جێی خۆی چەقی.

لە ناکاو یەک دانە هۆڕنی هۆقەلی ئەوە نەبوو پێستی پێ نەدڕێ. نیرنێکی دوور و درێژی لە شەمەنەفەر چوو، بەلایدا وەک تریشکە تێ پەڕی، دەڕۆیشت و دەڕۆیشت و نە دەبڕایەوە. لە تاوا هەر ئەوەندەی پێ کرا چووە سەر شۆستەکە. سەیر ئەوەبوو ماشینەکەی نەکوژایەوە. هەستێکی شادمانی و شانازی دای گرت. حەزی کرد ئەمجارەش دابەزێ و ماچێکی بکات. بگرە بیری لەوەش کردەوە نەیفرۆشت!

– هەتا ئاسنیش لەوانەیە پاش ژیانێکی دوور و درێژ ببێتە هاوڕێی گیانی بە گیانیت! مرۆڤی بێ کەس ئامادەیە ئاسنیشی خۆش بوێ! ئای دیسانەوە.. دیسانەوە خەریکی خۆت بکەیتە فەیلەسووف؟ بە شەرمەزارییەوە ئەمەی بە خۆی گوت.

کە گەیشتە پێشانگاکانی ئۆتۆمۆبیل، لە سووچێکەوە، ئۆتۆمۆبیلەکەی دانا، خۆشی بە پیاسە کەوتە گەڕان. پاش ماوەیەکی کورت بە ئەوپەڕی سەرسوڕماوییەوە بۆی روون بووەوە کە ئەو پیاوی ئۆتۆمۆبیلکڕین نییە. گرینگترین ئۆتۆمۆبیل کوجا مەرحەبای لەگەڵ توانا و گیرفانی ئەو دەکرد. وەک کوێرێک بێ و چاویان پێ دابێتەوە لە ئاست سەدەها گڵۆپی هەزاری دانرابێت بە شەوارە کەوت و گورج گەڕایەوە دواوە. لە ناکاو دەستێک نیشتە سەرشانی.

– ئەوە چی دەکەی لێرە؟

داچڵەکی و بە ترسەوە ئاوڕی دایەوە. حەمە مشکە لە لای شانی راستییەوە وەک

ئەستێرەیەکی ونبوو قوت وەستابوو. خێرا و بە گورجی ناسییەوە. لێشاوی یاد لە دەروونییەوە هات و دەڕژا و دەڕژا.

«ئەوەندی لە مشک ناشرینتر بوو، دە ئەوەندەش زۆڵ و کەڵەکبازتر بوو.»

تەنیا ئەم وێنەیە وەک فیلمێک هاتە بەرچاوی.

– هاتووم ئۆتۆمۆبیلێک لەوەی خۆم باشتر بگرم.

کەمێک وەستا کە دیی حەمە مشکە بێدەنگە تەواوی کرد!

– وا دیارە بە دەستی بەتاڵ دەگەڕێمەوە!

– بەس من بەدەستی بەتاڵ ناگەڕێمەوە! ئەمەی گوت و لەسەری ڕۆشت. ڕاستە زۆر بەدڵم نییە. بەس چی دەکەیت! ناچارم کڕیم.

ئەمەی گوت و دەستی بۆ مەرسیدسێکی ڕەخش درێژ کرد لەسەری ڕۆشت:

– کاکە چی بکەم، دایکی منداڵان پێی لێ کردوومەتە کەوش لە مەرسیدس کەمتری ناوێت. بێ ئەوەش بگەڕێمەوە شاربەدەرم دەکات!

چاوێکی خەفەتاویی لێڵی بە حەمە مشکەدا لە سەرەوە تا خوار هێنا و گوتی:

– ببورە دەبێ بڕۆم.

لەبەر دەرگەی پێشەنگاکە بە تاقی تەنیا وەستابوو. هەستی بە تەنیاییەک کرد، ئازارەکەی کەلەکەی هێنایە ئێش. لەبەر خۆیەوە دەیگوت و دەیگوت: حەمە مشکە تا ئەم ساتە مووچەخۆرێکی بچووکە.. بچووکە مووچەکەی بەشی ژیانی دوو سێ ڕۆژ ناکات.. ئێ.. ئێ..

مانگ بە ئاسمانەوە دەدرەوشایەوە، تیشکەکەی لەو ئاسمانە پاکە بێگەردەدا خۆی بە تیشکی ڕۆژ نەدەفرۆشت، بەڵام لە ناو تیشکی نیۆنەکانی پێشانگاکاندا شەرمی لە خۆی دەکرد.

مامۆستا شێروان لەسەر بەردێکی تاقانەی وێڵی پێشانگاکە لەو خراپتر. چاوی بە بێ تاقەتییەوە هەڵبڕی و سەیرێکی نیۆنەکانی کرد. هەستی کرد لەوە دەچن بە قوردیلەی ڕەش پێچرابن ڕووناکییەکەیان هەتا دەهات کز دەبوو. جۆرە سەرخۆشییەک هەموو گیانی داگرت و بیرکردنەوە دەمارەکانی لەشی سست کرد. وەی زانی لە ماڵەوە نوستووە، لە ناکاو چاوی کردەوە. کابرایەکی ڕیش ماش و برنج کە لەوە دەچوو ماوەیەک بێت ڕیشی نەتاشیبێ بە هێواشی دەست دەدا بە شانیدا و لەگەڵیشیدا بێ وچان دەڵێ:

– سۆل.. سۆل.. سۆل بکرە.

ویستی بە سەریدا هەڵشاخێ و تێر جنێوی بکات. بەس هەر کە رووە چرچاوییە پڕ ئازارەکەی دی، دڵی نەرم بوو.

– سۆل..؟ من سۆلم ناوێ.

بەس پیاوەکە وازی نەهێنا. سۆلەکانی پیشان دەدا و لەگەڵیشیدا خێرا خێرا دەیگوت:

– بە رۆژ فەڕاشم، بەس مامۆستا بەش ناکا، مووچەکە بەش ناکا، مناڵیشم زۆرە، بۆیە مامۆستا ئێواران دێم و سۆل دەفرۆشم!

کەسی بیر نەما، هاتەوە سەر خۆی. رقەکەی خێرا تەنییەوە،

– سۆلێکم بدەرێ! بە چەندە؟ دەی سۆلێکم بدەرێ!

– بە دوانزە پەنجایی!

– بە دوانزە پەنجایی؟ دوانزە پەنجایی؟

بە سەرسوڕماوییەوە تێی روانی. پەنجایی ماوە تا یەک و دوانزە و بیست و سەد و هەزاری هەبێت؟ سەیرە.. زۆر سەیرە؟

– راوەستە.. مامۆستا راوەستە با بۆت بپێچمەوە! راوەستە تا بۆت دەخەمە پارچە کاغەزێکەوە!

– پێویست ناکات!

بە هەڵەداوان بەرەوماڵەوە گەڕایەوە. بۆ یەکەم جار لە ژیانیدا هەستی کرد ترس نەما. لە رێگە وێنەی سۆلفرۆشەکە لە بەرچاویدا دەهات و دەچوو دەروونی دەخرۆشان و یاریی بە گیانی دەکرد.

لە ماڵەوە ژنەکەی گوتی: پانە.. قەت شتی وەهان نەدیوە. چوویت ئۆتۆمۆبیل بکڕیت، کەچی بە سۆلێکەوە بۆم هاتیتەوە. دەی لە پێی بکە بزانم بە قەدەر خۆتە یان نا!

کە لە پێی کرد، بینی زۆر لە پێی ئەو گەورەترە. ئەوسا بۆی دەرکەوت بۆچی وەها بە هەرزان کڕیی.

داخێکی بێ شومار گیانی داگرت.

– فەڕاشێکی هەژارمان هەیە، لەوە دەکات تاشە بەردیان بەسەر پێیدا هێنابێت. مەگەر هەر ئەم سۆلە بە قاچی ئەو بکات. بڕوا بکە دڵی زۆر پێی خۆش دەبێت. –ژنەکەی گوتی–

تاریکی لە دەرەوە ئەوەندە تەڵخ بوو تەنگی بە چراکان و گڵۆپەکانی ژوورەوە هەڵچنیبوو بە رادەیەک رووناکی نەی دەنوواند. هەر ئەوەی پێ کرا دەست بەرێ سویچەکان دابخات و گڵۆپەکان بکوژێنێتەوە.